


# دیموکراتییەتی رەخنە یا کۆتاییەکەی!

**لە عەرەبییەوە: تاهیر عوسمان**

ئایا مرۆڤەکان بە راستی لە سەردەمی دیمو کراتییەتدا دەژین؟ و ئایا دیموکراتییەتی سەردەمەکەمان لە چیدایە؟ ئەگەر بوارمان بە خۆمان دا تەسلیم بەو رایە بین کەوا بەڵێ ئێمە لە نەمرییەکانی سەردەمی دیموکراتییەتدا دەژین!

گومانیشی تێدا نییە کەوا دیموکراتییەت بووەتە یەکێک لە چەمک و زاراوە زۆر سەرنجڕاکێشەکان و زۆر بەکارهێنراوەکانی ئەو سەردەمەمان، بەرادەیەک کە تەجاوزی شێوازەکانی بەکارهێنان و تەوزیفکردنە ئاساییەکەی خۆی کردووە . کە جاران بەشێوەیەکی گشتی لە چوارچێوە سیاسی و رێکخراوەیی و داوودەزگاییەکان و تا رادەیەک کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنرا .

چەندین گەشەسەندنیش بوونەتە هۆی ئەوەی وەکو بڵێین چەمکەکە هاوردە یاخۆ بانگهێشتی بوارەکانی تری چالاکی مرۆڤایەتی کرابێ. وەکو کولتوور و شێوازەکانی گوزارشتکردن و مەعریفە، بۆیە بووەتە شتێکی سەردەمیانە و بە کێشکردنی چەندین زاراوەی وەکو دیموکراتییەتی کولتوور-، دیموکراتییەتی راگەیاندن. دیموکراتییەتی گوزارشتکردن بەکار بهێنرێ

ئەو هەنگاوەش لە بەکارهێنان و تەوزیفی دیموکراتییەت وەکو چەمک و زاراوەیەک مایەی نارەزایی دەربرین. یاخۆ نیگەرانی نییە، چونکە هیچ زیانێک لەوەدا نییە ئەو چەمکە فراوانتر بکرێ و لە چەندین بواری تازەی چالاکی مرۆیی بەکار بهێنرێ .

بەڵام مەسەلەکە چەند پرسیارێکی لێ دەکەوێتەوە. وەکو ئایا دیموکراتییەت لەگەڵ گشت شێوەکانی چالاکی مرۆیی بەبێ هیچ لێبوردنێک دەگونجێ؟ ئایا وەکو بنەما دەکرێ هەموو شتێک بە رەهایی دیموکراتی بێت؟ ئەوەی ئەم پرسیارانەی لەم ماوەیەی دواییی زیاتر وروژاند دەنگدانەوەی چەند زاراوەیەکی وەکو دیموکراتییەتی ئەدەب یا دیموکراتییەتی رەخنە بوو. ئایا بۆ چالاکییەکی پڕ لە داهێنانی نوخبەوی کە لە بنەڕەتدا پێویستی بە بوونی چەندین ئامرازی مەعریفی و توانا و شێوازی جیا جیا هەیە، دەکرێ ببێتە دیموکراتی؟

ئایا هەموو مرۆڤێک بۆی هەیە ئەو دیموکراتییەتەی چنگ بکەوێ. واتە دواتر ببێتە رەخنەگر یا ئەدیب. هەر تەنیا لەبەرئەوەی کە ئەو رێچکەیەی هەڵبژاردووە. رۆژنامەی نیویۆرک تایمز لەم دواییە راپۆرتێکی سەیری لەبارەی دیاردەی پاشەکشەکردن و کەمبوونەوەی لاپەڕە و پاشکۆ تایبەتییەکان بە رەخنەی کتێب و خوێندنەوەیان لە رۆژنامە گەورەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا بلاو کردەوە .

بە پێی ئەو راپۆرتەش هۆکاری ئەو کەمبوونەوەیە بۆ بڵاوبوونەوەی دیاردەی تۆمارگە تایبەتییەکان بە رەخنەی کتێب لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت دەگەڕێتەوە، کە بوونەتە رکابەر و بەدیلی لاپەڕە و پاشکۆ تایبەتییەکان لە رۆژنامە و کۆوارە چاپکراوەکاندا، ئەوەی جێگەی گرینگی پێدانیشە راپۆرتەکە ئەو دیاردەیە بە دروست و ئیجابی لە قەڵەم دەدا. چونکە گۆڕانێکی حەتمییە بەرەو دیمەنێکی ئەدەبی دیموکراتی کە هەموو کەسێک بۆی هەیە کاری رەخنەگرتن و نووسین ئەنجام بدا. جا هەر کەسێک بێ.

بەڵام ئایا دەکرێ باوەڕ بەوە بکەین؟



با هەر لە سەرەتاوە راشکاوانە و راستەوخۆ بدوێین و بەبێ دوودڵی و بێزاربوون بە زمانێک بپەیڤین کە نووسەرانی تۆمارگەکانی دنیای فراوانی ئەنتەرنێت تێی بگەن. رای بگەیەنین کەوا نە رەخنەگرتن نە نووسینی رەخنەیی چالاکی دیموکراتی نین. چونکە رەخنەگرتن کردەیەکی نوخبەوییە، کەسانێک پێی هەڵدەستن کە خاوەن مەعریفە بن و ئامرازگەلێکیان لەبەردەستتدا بێت بتوانن مەعریفەیەک پێشکێش بکەن، کە تەجاوزی بۆچوون و ئارەزووە زاتییەکان لە بارەی کتێبێک یا کارێکی ئەدەبی یاخۆ بابەتێکی کولتووری بکات،

واتە رەخنەگرتن کارێکە پێویستی بە ئارەزوویەکی مەشق پێکراو. مەعریفەیەکی مێژوویی و تیۆری و ئاگاداربوونێکی تەواو لە بەرهەمی نووسەرەکە یا دەرهێنەرە سینەماییەکە یا وێنەکێشی خاوەن لێکۆڵینەوە یا خوێندنەوە رەخنەییەکە هەیە.

دیارە بیرورا و بۆچوونەکان لە نووسینە رەخنەییەکاندا بە خاڵێکی زۆر گرینگ دانانرێن و لە باشترین حاڵەتیشدا نووسینی رەخنەیی تەنیا گوزارشتکردنە لە رایەک بەبێ دەرکردنی هیچ بڕیار و هەڵسەنگاندنێکی ئامادە و یەکلاکەرەوە. چونکە ئەرکی سەرەکی رەخنەگر رێگە خۆشکردنە بۆ دیالۆگێکی فیکری لەسەر کارە داهێنراوەکە کە بتوانێ بەردەوام بێ و پەرە بسێنێ و لە هەندێک حاڵەتدا بۆ ماوەی چەندین ساڵ و سەدە درێژە بکێشێ. دووریش نییە هەندێک کەس رەخنە لەو بۆچوونە بگرن و بڵێن ئەنجامدانی کاری رەخنەیی بەتایبەتی بەدواداچوونەوەی کتێبەکان. تەنانەت بەر لە بڵاوبوونەوەی دیاردەی تۆمارگە ئەدەبییەکانی سەر تۆڕی ئەنتەرنێت. لە سادەیی و پەلەکردنی رۆژنامەیی بەدەر نەبووە .

لەوانەیە هەر نووسەرێکیش کتێبێکی بڵاو کردبێتەوە و چەند دانەیەکی بۆ ئەو کەسانە ناردبێ، کە لە رۆژنامەگەریی رۆشنبیری کار دەکەن و تەواو لەو راستییە گەیشتوون.

چونکە یەکسەر کۆمەڵێک راوبۆچوونی بێ سوودی پێ دەگا . کە گوزارشت لە یەک راستی دەکەن ئەویش ئەوەیە ئەو کتێبەی کە خراوەتە بەر باس هەرگیز نەخوێندراوەتەوە. کاتێک لەو گۆشەیەشەوە لە بابەتەکە دەڕوانین دەکرێ بڵێین رەخنەگرتنی دیموکراتی ماوەیەکی

کەم نییە لە حاڵەتێکی وا ناڕێک و بێ سەروبەردایە، کە هەموو کەسێک دەتوانێ ئەنجامی بدا  بەڵام ئایا سەربارى ئەو حاڵەتە بۆمان نییە پرسیارێکی جدیتر و بەسوودتر بخەینە روو، کە ئایا کاری رەخنەنووسی چۆن ئەنجام دەدرێ؟

با لێرەشدا دوور لە سەردەمی تۆمارگەکان و تۆڕی ئەنتەرنێت نموونەیەکی مێژوویی بێنینەوە ئەویش رەخنەگری فەرەنسی «چارلز ئۆغستین سانت بیوف»ە ئەو رەخنەگرە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە دەستی بە رەخنەگرتنی رۆژنامەیی کردووە و هەموو رۆژانی دووشەمە و لە ماوەی ٢٨ ساڵدا وتارە حەفتانەییەکانی نووسیوە. دروشمی نووسینە رەخنەییەکانیشی بە کورتی لە چەند وشەیەک پێکهاتبوو. ئەویش «خوێندنەوەیەکی دادپەروەرانە بوو». بیۆف پێی وابوو لەسەر رەخنەگر پێویستە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ هەر کارێکی داهێنەرانە و لەگەڵ ئەو کولتوورەی کە پێوەستە بەو کارەوە دادپەروەر بێ  سیمای نووسینەکانی ئەو رەخنەگرە زیاتر لەو زمانە دەچوو کە ئەمڕۆ بە زمانی تۆمارگەکانی سەر تۆڕی ئەنتەرنێت دەناسرێتەوە، کە سادەیی و روونی لە زمانەکەدا هەیە. بەڵام لە هەمان کاتدا رەنگدانەوەی هەست بە لێپرسراوییەتییەکی فیکری بەرزی رەخنەگربوو. لە

نزیککەوتنەوەی لە کارە داهێنراوەکان و دۆزینەوەی نهێنییەکانیان.

نموونەیەکی تر ئەدمۆند ویلسۆنە کە باشترین رەخنەگر بووە لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکاندا رەخنەکانی لە بواری پێداچوونەوەی کتێبدا نووسیبێ. روونی و شەفافییەتی زمانی ئەو رەخنەگرە نموونەیەکی دەگمەنە لەسەر ئەوەی کە بەسانا و لە هەمان کاتدا خۆ بەدەستەوەنەدەر ناو دەبرێ . ئەوەی ئەم رەخنەگرە ئیزافەی کردبێ دووپاتکردنەوەی لێپرسراوییەتی ئەخلاقی رەخنەگرە، بەوەی کە هەر بە مانا داراییەکە نەزیە و پاک نەبێ. بەڵکو دەبێ بە مانا فیکرییەکەش هەر بەم جۆرە بێ

هەروەها جێگەی خۆیەتی باسی رۆماننووسی بەریتانی جۆرج ئۆرۆیل بکەین کە ناچار بووە لە پێناو داهاتێکی کەم. کە ببێتە هۆی رزگاربوونی لە تەنگژە داراییەکانی. پەنای بردووەتە بەر پێداچوونەوە رەخنەییەکانی سەر لاپەڕەی رۆژنامەکان. لە بەرامبەر هەر وتارێکدا ئەو کاتە تەنیا ٢٠ دۆلاری وەرگرتووە. سەربارى ئەوانە ئۆرویل چەند نووسینێکی

ڕەخنەیی لە دوای خۆی جێهێشتووە. کە ڕەنگدانەوەی وەرچەرخانێکی بە هێز بووە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی کولتووری باوی ئەوسا و جەختکردنەوە لەسەر شێوازێکی فیکری بەرپرس لە نووسینی ڕەخنەییدا. گشت ئەو ڕەخنەگرانەی ئاماژەمان پێکردن کاریان لە نووسینی ڕۆژنامەگەریدا کردووە و لە ژێر پاڵەپەستۆی بارودۆخێکی سەختی پیشەیی و داراییدا کارەکانیان ڕاپەڕاندووە. بەڵام هەرگیز ملکەچی کولتووری نمایشکردن نەبوونە. هەروەها زمانەکەیان نەچووەتە ژێر باری ئەو گوتارە میللییەی کە هەمیشە هەوڵی دەدا باڵ بەسەر شێوازەکانی ڕاگەیاندندا بکێشێ. لەوانەیە ئەم سێیە تەنیا نموونە بن لە بارەی ئەو ڕەخنەگرانەی کە لە پێناو ئەو خوێنەرانە دەنووسن تا شتێکی تازە بدۆزنەوە و لە هەمان کاتدا لە ئەزموونە مەعریفی و داهێنانییەکەیدا بەشداری لەگەڵ ڕەخنەگر بکەن. ئێمەش بۆ ئەوە ناخوێنینەوە تا سادەیی و گێلی خۆمان دووپات بکەینەوە. هەر چەندە من بڕیاری ئەوە نادەم کە هیچ نووسەرێکی سەر تۆمارگەکانی ئەنتەرنێت ڕەخنەگری چاک نین بەڵام ئەوەی دەمەوێ دووپاتی بکەمەوە، بوونی کاتە لای هەر مرۆڤێک بۆ خوێندنەوەی کتێبێک یا بینینی فیلمێکی سینەمایی. یا نمایشێکی شانۆیی، ئەو بەهرە پێویستانە بە مرۆڤ نابەخشن ببێتە ڕەخنەگر. تەنانەت ئەگەر شێوازێکی گوزارشتکردنی ئەکتیڤی وەکو تۆمارگە ئەلیکترۆنییەکانیشی لەبەردەستتدا بێت. چونکە ئەوە دەمانگەیەنێتە بێهێزییەکی کولتووری و ئاژاوەیەک. لە ژێر چەندین دروشمی بریقەداری وەکو دیموکراتییەتی ئەدەب و ڕەخنە کە دەبێ لە هەموو نووسینێکی ڕەخنەییدا شتێکی گەورەتر لەوەی لە بۆچوونی خێرا و خۆ بەزلزانین بەدی بکەین. ئەو کەسەی کە ڕەخنەش دەنووسێ شیاوی

**نووسین بەبێ سەرچاوەیەکی ڕوون و دیاریکراو دەبێتە ئاژاوەیەک کە هەموو کەسێک دەتوانێ ئەنجامی بدا**

**ئەگەر زەمینەیەکی ئەدەبی لەلایەن دیموکراتییەتێکی ڕەهاوە بەڕێوە ببرێ، خاکێکی وشک و بێ پێوەرە**

خۆی بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوە و بڕیار دەرکردن و بۆچوونەکان بسەلمێنێ.

دیاردەی تۆمارگە ئەدەبییەکانی سەر تۆڕی ئەنتەرنێت و ڕۆڵی ئەو تۆمارگانە بابەتی یەکێک لەو کۆڕانە بوو کە بەم دواییە لە درێژەی چالاکییەکانی فیستیڤاڵی کتێب لە لۆس ئەنجلۆس ساز کرا. د.ج. والدی لەو کۆڕەدا ئاماژەی بە سروشتی تۆمارگەکان کرد و بە کورتی گوتی تۆمارگەکان شێوەیەکن لە شێوەکانی قسەکردن نەوەک نووسین، ئەو وتەیەی والدییش دەربڕینێکی زۆر ورد و پڕ مانای ئەو واقیعەی ئێستایە.

چونکە نووسین بەبێ سەرچاوەیەکی روون و دیاریکراو دەبێتە ئاژاوەیەک کە هەموو کەسێک دەتوانێ ئەنجامی بدا، سەرچاوەش لە کردەی نووسیندا جۆرە لێپرسراویەتێک لە بەرامبەر خود و بەرامبەر ئەوانی تر دەسەپێنێ، ئەو هەستکردنەش لە کەش و هەوای تۆمارگەکاندا نییە کە ئیلتیزام بە هیچ سنوور و ئارەزوو ناوێک ناکرێ.

کەواتە ئەگەر زەمینەیەکی ئەدەبی لەلایەن دیموکراتییەتێکی رەهاوە بەرێوە ببرێ، خاکێکی وشک و بێ پێوەرە، بێ نەخشە و ئاراستەی مەعریفی و چێژ وەرگرتنە. پاشەکشێ و کەمبوونەوی چاوەڕوان نەکراو لە لاپەڕەکانی چاو پیاخشاندنە رەخنەییەکان لە رۆژنامە و کۆوارەکاندا ئاماژەیەکی ترسناکە و بەڵگەیە لەسەر ئەو گۆڕانکارییە داهاتووانەی لە رۆڵ و پێگەی رۆژنامەگەری کولتووری و ئەدەبیدا روو دەدەن.

کە چەندین سەدەیە و لە سەرەتای چەرخی تازەگەرییەوە هەموو هەوڵێکیان خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی فیکر و داهێنان بکەنە پرۆژەیەکی مرۆیی پێوەست بە واقیعی کولتووری هاوچەرخ و شۆڕشی گەیاندن، ئەوەی تۆڕی ئەتنەرنێت لە توانایەکی چاوەڕوان نەکراو لە گەیاندن و گوزارشت لێکردن رەخساندوویەتی بەمەش چەمکی دیموکراتییەت فراوانتر بووە و کەوتووەتە چەندین بواری تازەی چالاکی مرۆییەوە . گومانیشی تێدا نییە کەوا شۆڕشی گەیاندنەکان هەموو دەست بەسەراگرتنێکی گوزارشت لێکردنی کولتووری تێک شکاند. بەڵام تێکەڵاوکردنی نێوان ئازادی رادەربڕین و نێوان پێوەرە پیشەیی و زانستییەکانی ئەنجامدانی کاری رەخنەگری لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئەوەی دووەمیان چونکە لە بەرامبەر هەڵکشانی شێوازەکانی گوتاری میللی خۆی ناگرێ، کە ناتوانێ لە کولتوورێکی بەکاربردنی لاواز زیاتر هیچی تر بەرهەم بێنێ

سەرچاوە: پاشکۆی رۆشنبیری رۆژنامەی ئەلسەورەی سوری ژمارەی رۆژی٥/٦/٢٠٠٧ . نووسینی ریتشارد سایکل، علی محمد سلێمان کردوویە بە عەرەبی.